www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 19:28 4-2-2007

## پۆلیسێک وانەی ئەخلاقی کاری ڕۆژنامە نووسیم فێر دەکات... گەرمیان حەمەخان



لەم وڵاتەدا کە چارەنووسمان بە دەست کۆمەڵێك نەخوێندەوارەوەیە، ڕۆژانە دەیان شتی عەنتیکە دەبینین یان دەبیستین، ڕەنگە زۆربەی بەلامانەوە ئاسایی بێت، بەڵام هەندێکیان نەك هەر شیاوی قەبوڵ کردن نییە، بەڵکو دەبێت هەڵوێستی لەسەر وەربگیرێت و کەسی ئەنجامدەر ئیدانە بکرێت تا ئەوەی کە لێپرسینەوەی لە گەڵ بکرێت بۆ دووبارە نەکردنەوەی ئەوکارە، هەرچەند ئەوەی کە من باسی دەکەم ئەمە بۆ چەندەمین جارە دووبارە دەبێتەوە، ئەویش کاتێك لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێکی هاوکارم سەرقاڵی ئامادەکردنی ڕاپۆرتێك بووین کاتێ شۆفێری هێڵە ناوخۆییەکانی ناو شار لە کەلار مانیان گرتبوو، و داوای زیادکردنی کرێیان دەکرد، لە کاتێکدا سەرقاڵی ڕاپەڕاندنی کارەکەی خۆمان بووین مەفرەزەیەکی پۆلیس بە دوو بابەهانەوە گەشتنە سەرمان و بێ هیچ پرسیارێك وەك پیاوێکی جاسوس و ئیتلاعات و هاودەستی تیرۆریست و دز نا،چونکە هەموو ئەمانەیان پاش دەستگیرکردن بەو پەڕی ئیحتیرامەوە ئازاد کرد، بەڵکو وەکو پیرەمێردێکی بێکەس کە لە بێ شوێنیدا کولبەیەکی تەجاوزی درست کردبێت یاخود گەنجێکی کاسبی دەستگێڕ کە خوا سەری لێشێواندبێ عەرەبانەکەی تۆزی هێنابێتە سەر جادەکە، شانیان گرتم و فڕییان دامە نێو بابەهان و لە نێوان دوو پۆلیسدا بردمیان بۆ مەرکەزکە تائەوی یەکێکیان بەخۆیەوە نووساندبووم نەوەك لە دەستی ڕابکەم، لەوی بردمیانە ژوورێك ئەفسەرێکی تیابوو کە دوای پرسیار کردنی زانیم تەنانەت بڕوانامەی شەشی سەرەتاییشی نییە، پرسی ئەمە چییە؟

ووتیان ڕۆژنامە نووسە و هاتووە وێنەمان دەگرێت، تۆزێك تیم ڕاماو بە پێکەنینەوە ووتی: ئاخرمن و تۆ و ڕۆژنامە نووسی چی؟ بیبەنە سجن، ئینجا بە هەموو ئەفسەر و پۆلیسەوە کەوتنە پرسیارکردن لێم بێ ئەوەی ڕێگە بە وەڵام دانەوی من بدەن هەر بۆخۆیان بوون بە من و وەڵامی خۆشیانیان دەدایەوە، بە تەواوی سەرم لەو ئەفسەرە نەخوێندەوارە سوڕمابوو بە دەوام دەیوت بیبەن بۆ سجن بێ ئەوەی بزانێت تاوانەکەی من چییە؟ یاخود گوێ لە ئەلفێکی من بگرێت، پاشان لە سەر قسەی ئەو کامێراو ڕکۆردەر و مۆبایل و هەمووشتەکانیان لێ وەرگرتمەوەو بردمیان بۆ ژووری بەندیخانە، وتیان جاری ڕاوەستە پاش کەمێك بانگیان کردمەوە ژوورەکەو ووتیان تۆ سێ هەڵەت کردووە.

یەکەم ـ هەڵنەواسینی باج (لە کاتێك دووباجم پێدابوون)

دووەم ـ پرسی قایمقامت نەکردووە بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکەت و وێنە گرتن

سێ یەم ـ لەناو شەقامی گشتی خەرکی وێنە گرتن بووی.

پاش سڕینەوەی وێنەکان پێیان ووتم ئێستا دەتوانیت بڕۆیت، بەڵام ئەم هەڵە دووبارە نەکەیتەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

پاش ئەوان پۆلیسێك لەدەرەوە پێی ووتم (تۆ کە ڕۆژنامە نووسیت چۆن نازانیت ڕەسم گرتن مەمنووعە، ئینجا تا پرسی قایمقام یان یەکێ تر نەکەی چۆن لە خۆتۆ ئیشی وائەکەیت و لەسەر حکومەتە نووسی تێگەیشتی؟)
ئەری وەڵلاهی ئەوەندە باش تێگەشتم کە خودا بە قورئان و پێغەمبەر بەیەك ملیۆن فەرموودە ئێوەی تێنەگەیاند، من و هەزاری وەك من بە ڕاپۆرتێك و یەك ترلیۆن وتارو ڕاپۆرت ئێوەمان بۆ تێناگەنرێت.
Garmyan_86@yahoo. com
ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.